**ئەمشەو**

قەتارەکە لە ژێر پێمدا دەلەرزێ
گاڕسۆنەکە تێم دەڕوانێ
قاقای پێکەنین گوێم دەبا.

هاوڕێکەم بیرلەنەرخی دۆلاردەکاتەوە
هەی هۆ زەینی من،
داگیرکراوی هۆنراوەیێکە.

لە کەوشەنی مانگ و ڕۆژدا
سەگ و سێبەر لە پێشەوە
مانگەشەو زاڵە، یان ڕۆژ؟

ڕووناکی تانە لە زستان ئەدا
کەچی، ئەم شەو مانگ زیزە

دەڵم دەڵێ گورانیم دەوێ
دڵم بە گۆرانی دەکرێتەوە

لە ناکاو پەریلەیێک نیگامی ڕاکێشا
چاوی شەرمینی هەستمی برد

و دڵمی ڕاوکرد

هاوڕێی نەما،

شەو میوانە

چاوی بێخەوم وێکناوە.

ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠١٧